زانكۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
Salahaddin University-Erbil

**كۆلێژی زانستە سیاسییەكان**

**بەشی سیستەمە سیاسییەكان و سیاسەتی گشتی**

**وانەی**

# دەروازەیەكی هاوچەرخ بۆ زانستی سیاسەت

**مامۆستای وانە**

**م. سەروەر حەمە ئەحمەد**

سالی خوێندنی

٢٠٢٢ بۆ ٢٠٢٣

كۆرسی دووەم

# باسی یەکەم:

## دەوڵەت (الدولة / State)

### ❖ چەمکی دەوڵەت:

چەمکی دەوڵەت لە وشـــەی (Status)ی لاتینی وەرگیراوە کە بە مانای بارودۆخ دێت، هەروەها لە زمانی ولاتانیتری ئەوروپیش بە شـــێوازی جیاواز بەکارهاتووە، بۆ نموونە لە زمانی ئیتاڵی بە (Stato)، لە زمانی ئیسـپانی و پورتوگالی بە (Estado)، لە زمانی فەرەنسـی بە (Etat) و لە زمانی ئەڵمانی بە (Staat) بەکارهاتووە. دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی سـیاسـی ڕیشـــەیەکی مێژوویی هەیە، زۆربەی تیۆرەکان ئاماژە بە پێویســـتی هەبوونی دەکەن بۆ پارستنی ماف و ئازادیی تاکەکان.

لە ڕووی زاراوەییەوە، کارێکی دژوارە پێناسـەیەکی دیاریکراو بۆ دەوڵەت بخرێتە ڕوو، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ جیـاوازیی دیـد و بۆچوون و تێڕوانینەکـان لەســـەر ئەم چەمکە. بەگشتی سێ پێناسەی جیاوازی یاسایی، سیاسی و فەلسەفی بۆ چەمکی دەوڵەت کراوە. لە پێناسەی فەلسەفیدا، **دەوڵەت خاوەن ئامانجێکی سەرەکییە و، لە سۆنگەی دەوڵەتی چاک یان دەوڵەتی خوازراو، ئەم گوزارەیە لێک دەداتەوە.** فەیلەســوفانی وەک ئەفلاتوون و ئەرســتۆ، بوونی دەوڵەت بۆ ڕێکخســـتن و هاوئاهەنگیی نێوان کەرتە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بە شـــتێکی پێویســـت دەزانن. هەندێکییتر وەک هۆبز و لۆک و ڕۆســـۆ، دەوڵەت بە بەرەنجامی پەیمانی کۆمەڵایەتی دەزانن. هەروەهـا هەنـدێکی دیکە لە نموونەی مـارکس، دەوڵەت بە بەرئەنجـامی خەباتی هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەزانن.

لە پێناسەی سیاسییدا، **دەوڵەت یەکەیەکی سیاسیی سەربەخۆیە و، دەسەڵاتی بەسەر هەرێمێکدا "خاک" هەیە، کە خاوەنی دانیشـتووانێکی هەمیشـەیی "گەل" و دەسـەڵاتێکی تەواوە "دەسەڵات".**

دەربارەی پێناسەی یاسایی دەوڵەت، **دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵە تاکێک کە بە شێوەی هەمیشەیی لە هەرێمێکی دیاریکراودا نیشتەجێن و ملکەچن بۆ ڕێکخستنێکی سیاسی و، خاوەنی سەروەریی سەربەخۆیە.**

لە فەرهەنگی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشدا هاتووە، کە **دەوڵەت چەمکێکی یاساییە بۆ گرووپێکی کۆمەڵایەتی کەلە خاکێکی دیاریکراودا و، لە سایەی دامەزراوەیەکی سیاسی و حکوومەتێکی کارا و ڕێکخراودا نیشتەجێ دەبن.** دەوڵەتیش لە ڕووی یاساییەوە ئەو کاتە دێتە ئاراوە کە ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دانی پێدا دەنێن؛ بەم جۆرەیش دەبێتە یەکێک لە پێکهێنەرانی سیستەمی نێودەوڵەتیی هاوچەرخ.

سەرەڕای ئەوەی پێناسەیەکی ورد و دیاریکراو نیە بۆ دەوڵەت بەهۆی ئەوەی چەمکێکی فراوان و پەیوەندیدارە بەزۆر بابەت، بەڵام هەوڵ دەدەین بە چەند پێناسەیەکی دەوڵەی لە دیدی بیرمەندانەوە بکەین:

فەیلەسوفی ئەڵمانی "ماکس ڤیبەر" لە پێناسەی دەوڵەتدا دەڵێت: دەوڵەت کۆمەڵێکی مرۆییە، کە سەرکەوتووانە بانگەشەی مۆنۆپۆلی بەکارهێنانی ڕەوایی زەبری جەستەیی دەکات لە زەمینێکی دیاریکراودا.

"بطرس بطرس غالي و محمود خيري عيسى"، پێناسەی دەوڵەت بەم چەشنە دەکەن: دەوڵەت کۆمەڵە تاکێکن بە سیفەتی هەمیشەیی نیشتەجێی هەرێمێکی دیاریکراون و، دەستەیەکی ڕێکخراو لە ژێر ناوی حکومەت بەڕێوەیان دەبات.

ڕێکەوتنامەی "مۆنتیڤیدیۆ" لە پێناسەی دەوڵەتدا دەڵێت: ڕوبەری هەرێمێکی دیاریکراوە، کە کۆمەڵە کەسێک بەشێوەی هەمیشەی لەسەری نیشتەجێن، حکومەت وەک دەسەڵاتێکی سیاسی ئیدارەی ئەم هەرێمە دەکات و پەیوەندی نێودەوڵەتی لەگەڵ وڵاتانییتر ئەنجام دەدات.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەم پێناسـەـ گشـتگیرە بۆ چەمکی دەوڵەت کە دەڵێت: "دەوڵەت بریتییە لە کەسـایەتیەکی یاسـاییی، نوێنەرایەتی کۆمەڵە خەڵکێک دەکات، ئەم خەڵکانە لە سنوری هەرێمێک نیشتەجێکراون و، دەسەلاتێکی سیاسی حوکمڕانییان دەکەکات و، لەسەر ئاستی دەرەوەش پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانییتر دەبەستێت.

❖ **مێژووی دروستبوونی دەوڵەت:**

دەکرێت مێژووی دروستبوون و وەرچەرخان و پەرەسـەندنی دەوڵەت لە پێنج قۆناغی سەرەکییدا کورت بکەینەوە:

### ١) کۆمەڵە سەرەتاییەکان:

جۆرێک لە بیرۆکەی دەوڵەتی تێدایە یاخود بڵێین گوزارشـتە لە حکومەتێکی سـەرەتایی کە خۆی دەنوێنێت لە سـەرپەرشـتی کردنی کۆبوونەوەی کۆمەڵێک خێزان کە هاوخوێنن، لە دەسەلاتی، قەبیلە یان خێڵ بەرجەستە دەبێت. هەندێ فاکتەری نیمچە سیستەماتیک خەڵکانێک ناچاری لەیەکتر کۆبوونەوە پێکەوەژیان و مانەوە دەکات، ئەرسـتۆ بە دەوڵەتی خێزان ناوی دەبات. لەم قۆناغەدا دەبینین میکانیزمەکانی هێز تێیدا بە میرات لە باوکەوە بۆ کوڕی گەورە دەگوازرێتەوە، زۆرجاریش سـیفەتی پیرۆزی پێدەبەخشـرێت، تا دەسـەلات بە میرات بۆ خێزانێک مۆنۆپۆڵ بکرێت. ئەم قۆناغەی دەسـەلاتی خێڵ بەهۆی ململانێ لە نێوان خێلەکان لەسەر مۆنۆپۆلی هێزی کۆمەڵگاکان لە قۆناغی شەڕی یەکتر چەقبەستوو دەکات.

### ٢) دەوڵەت شار:

لە قۆناغێکی زووی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی، زۆرهۆکاری پێویست وەک؛ دروستکردنی ئامرازەکانی وەبەرهێنان، گۆڕینەوەی کالاکان، هەڕەشـەکان و ... هتد وای لە هەندێک کۆمەڵە کردووە لەیەکتری کۆببنەوە جۆرێک لەشـێوەی شـاری سـەرەتایی دروسـت ببێت. ئەمەش جۆرێکیتر لەشـێوازی ڕێکخسـتنی پێویسـت بوو بۆ ڕاپەراندنی کاری گشـتی و بەرژەوەندی

هاوبەش. لەوێوە شـــارە دەوڵەت ســـەریهەڵدا کەلە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک گروپ یان خێڵ پێکدەهات کە کلتوورێکی هاوبەش و سـیسـتەمێکی چینایەتی هاوبەش هاوشـێوەیان هەبوو وەک دەوڵەتە شارەکانی یونانی.

٣) **ئیمپراتۆرییەتە کۆنەکان:**

ســەرەتا لە هاوپەیمانی چەند شـارە دەوڵەتێکی ســەربەخۆ دروسـتبوون کە پشـتیان دەبەســت بە هێزی یەکگرتنیان و بە ئامانجی کشـانیان بەرەو سـنوری فراوانتر، بە نمونە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، ئیمپراتۆرەکان پەیکەرێکی سـیاسـی فراوان و بەهێزیان هەبوو بەڵام بەردەوام لە شـــەڕی یەکتردا بوون بۆیە ســـنورێکی جێگیر و دیاریکراوی خۆیان نەبوو، هەروەها چەندین نەتەوەی جودا و جیاوازیان لە خۆدەگرت.

٤) **دەوڵەتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و سیستەمی فیودالی:**

دوای دارمانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە سـاڵی ٤٧٦، سـیسـتەمی فیودالی جێی گرتەوە؛ کە خۆی دەنوێنێت لە جۆرێک لە تێکئاڵانی خاوەندارێتی تایبەت و خاوەندارێتی گشـــتی، دەوڵەت وەک موڵکێکی دابەشـکراو بەسـەر خانەوادە فیوداڵەکان دابەشـکرابوو کە سـوێندی وەفاداریان بۆ کڵێسا کۆی دەکردنەوە. شتێک بە ناوی دارایی و موڵکی گشتی نەبوو، ئەوەی هەبوو موڵکی میر بوو، ئەویش کەمێکیشـی دەبەخشـیە دەسـتوپێوەندەکانی کە تێیدا کۆمەڵگا بەردەوام گیرۆدەی جەنگی ململانێی میرەکان بوو. هەڵبەت چەقبەســـتن لە قۆناغێکی لەو جۆرە، ئاستەنگێکی سەرەکییە لە بەردەم دروستنەبوونی هەست و ناسنامەی نەتەوەیی وەک زەمینەسازییەک بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی.

٥) **دەوڵەتی نەتەوەیی:**

بەهۆی ڕێنیسـانس و بزاڤەکانی چاکسـازی ئایینی و لاوازی دەسـتڕۆیشـتوویی کلێسـا. زۆر لەو هۆکارانە بەیەکەوە بوونە مایەی وەرچەرخان لە دەوڵەتی ئیمپراتۆری و شـانشـینی

فیودالّی نادەســتووری بەرەو پێویســتییە ســەرەتاییەکانی دروســتبوونی دەوڵەتی هاوچەرخ (Nation-state) ســەرەتاکەی لە بەهێزبوونی دەســەڵاتی شــاکان و ســەربەخۆبوونیان لە کلێسـا دەســـتی پێکرد. پادشــاکان بۆ زاڵبوونیان بەســـەر وردە فیودالّەکان کە لاگیریان بۆ کلێســا هەبوو پێویســتیان بە دەســـەڵاتی ڕەها هەبوو بۆیە چەمکی دەســـەڵاتی ڕەها بۆ قۆناغێک لە قۆناغەکان پێویســتیەکی دەوڵەتی هاوچەرخ بوو. دانپێدانان بە ســـەروەری دەوڵەت بەســـەر خاک وهاولاتیانی، و جیاکردنەوەی ئایین و سیاسـەت، پشـتبەسـتن بە سـوپایەکی نیشـتمانی، سیستەمی باجی یەکگرتوو، هاوتەریب لەگەڵ هەموو ئەمانە وردە وردە تێزی هاوڵاتیبوونیش پێشکەوت.

ئەمەش وای کرد خەڵکانی نیشتەجێی وڵاتێکی دیاریکراو سەربەخۆبن لە پەیوەستبوون بە کەس و ئایین لەبری ئەوە دامەزراوە و دەزگا فەرمییە گشتیەکان مەرجەعیان بێت و یاسا پارێزەری هەمووان بێت. ئەمەش ناســـنامەیەکی یاســـایی هاوبەش (هاوڵاتیبوون) بە دانیشــتووانی ســنورێکی جوگرافی دەبەخشــێت، تەنانەت لە دەرەوەی ســنوری دەوڵەتیش، دەوڵەت پارێزگاری لە هاوڵاتیانی خۆی دەکات. دوو هۆکار لە پشـــت ئەم وەرچەرخانەوە بوو؛ یەکەم: ســـەرکەوتنی چینی بورژوازی و لاوازبوونی فیودالّەکان، دووەم: مەرجدارکردن و ســنوردارکردنی دەســەڵاتی ســیاســی، بۆیە لە دونیای مۆدێرن تەنها یەک جۆر کۆمەڵگەی ســیاســی بەفەرمی دەناســرێت کە دەوڵەت-نەتەوەیە کە ســنور و پایتەخت و ئاڵا و ســرودی نیشتمانی و دراو و سوپا و ... هتد، تایبەت بەخۆی هەیە.

### ❖ تیۆرییەکانی دروستبوونی دەوڵەت:

هزری دروستبوونی دەوڵەت، بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی بە گەشەکردنی چەمکی کۆمەڵگای مرۆییەوە هەیە. ســەرچاوەی ئەم هزرە، دەگەڕێتەوە بۆ پێویســتییەکانی مرۆڤ بۆ هــاوکــاریکردنی یەکتر لە چوارچێوەی کۆمەڵگــادا. پێــداویســـــتییە مرۆیی، ئــابووری و

ئاسایشییەکانی مرۆڤ، لە سەرەتادا پاڵنەر بوون بۆ دروستبوونی خێزان و پاشان هۆز و ئینجا گوند و شار و پاشان دەوڵەت، بۆ ئەوەی بتوانێ زیاترین پێداویستییەکانی خۆی دەستەبەر بکات. لێرەدا هەوڵ دەدەین گرنگترینی ئەو تیۆرییانە بخەینە ڕوو کە باس لە دروستبوونی دەوڵەتی دەکەن، بەم جۆرەی خوارەوە:

**١) جەنگ و دەوڵەت:**

تێڕوانینێک بۆ ئەدەبیاتی دەوڵەت، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە تیۆرداڕێژەرانی ئەم بوارە، پتر لە هەر شتێک، لە سەرهەڵدانی دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا جەخت لەسەر ڕۆڵی جەنگ دەکەنەوە. مێژوونووسی ئەڵمانی "ئۆتۆ هینتز" بەر لە هەمووان جەختی لەسەر ئەم بابەتە کردووەتەوە و دەتوانین تیۆرییەکانی ناوبراو، بە بەردی بناغەی ئەم بۆچوونە دابنێین. هینتز، جەنگ بە بزوێنەری مێژوو دەزانێ و بەتایبەت بە هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی دەوڵەتە مۆدێرنە سەرەتاییەکانی لە قەڵەم دەدات. هەروا جەخت لەسەر ڕۆڵی جیۆپۆلیتیکی، یان هەڕەشە سەربازییەکان دەکاتەوە لەسەر دیاریکردنی جۆری دەوڵەت و ڕێکخستنی سیاسی ئەو دەوڵەتانەی کە لە حاڵی دامەزراندان.

**٢) شرۆڤە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەت:**

هەندێک لە تیۆرییەکانییتر، دەوڵەت بە بەرهەمی وەرچەرخانی سیستەمی فیودالی دەزانن، یان بە جۆرێک پەیوەندیی بەو سیستەمەوە هەیە. لەم نێوانەدا، کەسانی وەک (پێری ئەندرسۆن) بەریتانی، دەوڵەتی ڕەها بە دەرەنجامی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی سیستەمی فیودالی دەزانن، هەندێ کەسییتر وەک (ئیمانوێل والرشتاین) کۆمەڵناس و بیرمەندی سۆسیالیستی ناوداری جیهان، دەوڵەتی ڕەها بە دەرەنجامی گوزەر لە شێوازی فیودالییەوە بۆ شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی دەزانێ. سەرەڕای ئەم جیاوازییانە،

هەر هەموویان لەو باوەڕەدان کە هۆکاری سـەرهەڵدانی دەوڵەتی ڕەها، بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ وەرچەرخانەکانی فیودالیزم لە پەیوەندیدایە.

### ٣) پەیمانی کۆمەڵایەتی:

بریتییە لە گرنگترین ئەو تیۆرییە فەلسـەفییانەی کە لێکدانەوەی بۆ گەشـەسـەندنی کۆمەڵگا و بنیاتنانی دەوڵەت و ژیانی مرۆڤایەتی کردووە؛ بەو مانایەی کە دەوڵەت و کۆمەڵگا بەرەنجامی پەیمانی کۆمەڵایەتیین. ئەمەیش زەروورەتێکی گرنگ بووە بۆ بەردەوامیی ژیان و گەشەسەندنی کۆمەڵگا و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگا. ناتوانین باس لە پەیمانی کۆمەڵایەتی بکەین لە دەرەوەی فەیلەسـووفەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی، کە بریتیین لە: تۆماس هۆبز، جان جاک ڕۆسـۆ و جۆن لۆک. لەم ڕوانگەیەوە، پێویستە بە شێوەیەکی پوخت تیشک بخەینە سەر بیر و بۆچوونی هەر یەکێکیان دەربارەی پەیمانی کۆمەڵایەتی:

یەکەم: تۆماس هۆبز/ Thomas Hobbes

هۆبز یەکێک بوو لە فەیلەسوفەکانی ئینگلتەرا، لە نێوان سالانی (١٥٨٨ – ١٦٧٩) ژیاوە، کە کەوتبووە نێوان ماوەی شـەڕی نێوخۆیی بەریتانیا لە سـالانی (١٦٤٢ – ١٦٧٩). بۆیە ئەم واقیعەی بەریتانیا کاریگەری خسـتە سـەر هزر و نوسـینەکانی هۆبز، کە پشـتگیری لە سستەمی حوکمی ڕەها دەکرد.

هۆبز بڕوای وایە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی لە نێوان جەنگ و خۆپەرستی و ناخۆشی دابووە، چونکە سروشتی مرۆڤ بریتییە لە خۆپەرستی و، بە فشاری هەست و سۆزەکانی دەجولێتەوە نەک فشاری عەقل و لۆژیک ئەمەش وا دەکات ملکەچی هیچ دەسەلاتێکی گشتی نەبێت. مرۆڤەکان بۆ پارێزگاریکردن لە ژیانی خۆیان و بەرژەوەندیەکانیان ئارەزوی گرێبەسـتێکی گشـتیان دەکرد بۆ ئەوەی لە ژێر حوکمێکی سـیاسـی بژین و بەرژەوەندیە

جیاوازەکانیان بپارێزرێت. هۆبز بڕوای وایە دەوڵەت دروست دەبێت لە ئەنجامی گرێبەستێک لەنێوان تاکەکان بێ ئەوەی سەرۆکی وڵات لایەنێک بێت لەم گرێبەستە لەسەر ئەم بنەمایەی کە سەرۆک دەسەڵاتی ڕەهایە، سەرۆک یان (پاشا) سەرکردەیەکی پێویستە بۆ ئاشتی و پاراستنی هاوڵاتیەکانی، سەرۆک مافی دروست کردنی یاسای هەیە و مافی ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی و دیاری کردنی ڕاوێژکارەکان و پێدانی خەڵات و دەسەڵاتی تەشریفاتی هەیە. حکومەت کاتێک دروست دەبێت هاوڵاتیان واز لە گشت مافەکانیان بهێنن لە پێناو ئەوەی ژیانێکی باش و دوور لە فەوزا بۆیان دابین بکرێت. زانایان بڕوایان وایە هۆبز پشتگیری سستەمی پاشایەتی ڕەها دەکات، بەتایبەتی پشتگیری کردنی عەرشی پاشا ئال ستیوارت کە حوکمی دەکرد. هۆبز ڕەخنەی ئەوەی لێگیرا بەهۆی ئەوەی پشتگیری لە دەسەڵاتی ڕەها دەکرد ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی سەرۆکێک کە خۆی بەسەروی یاسا بزانێت و یاسا پشتگوێ بخات.

دووەم: جۆن لۆک/ John Locke

فەیلەسوف و بیرمەندی ئینگلیز جۆن لۆک لە نێوان ساڵانی (١٦٣٢ - ١٧٠٤) دا ژیاوە، لۆک بە وتارێکی سیاسی ناوبانگی دەرکرد کەلە ساڵی ١٦٩٠ نوسیویەتی بە ناونیشانی "دوو وتار لەسەر حکومەت" (Two Treatises On Government) کە تێیدا پشتگیری لە شۆرشی مەزنی ئینگلیزی ساڵی ١٦٨٨ کردبوو. لەم شۆرشە جیمسی دووەم لە دەسەڵات لادرا و ولیەم ئۆرەنگ لە شوێنی دانرا. لۆک بانگەوازی دروست کردنی سستەمێکی نوێ ی دەکرد، لۆک دەیگوت عەرشی ولیەم دەبێتە مایەی ڕازی بوونی خەلک و حوکمێکی باش. لۆک بڕوای وایە مرۆڤەکان لە دۆخی سروشتی دا ژیانیان لە کەشێکی ئازادی و یەکسانیە، هەریەکەیان خەریکی ژیانن لەپێناو ئارەزووە تایبەتەکانی خۆیان. بەڵام بەهۆی نەبوونی سەقامگیری و بێ توانایی تاکەکان بۆ پاراستنی ژیانیان، تاکەکانی کۆمەڵگا گرێبەستێک لەنێوان خۆیاندا

ئەنجام دەدەن و واز لە بەشێک لە مافەکانیان دەهێنن بۆ دەسەڵاتداری سیاسی لەبەرامبەردا دەسەڵاتدار ئەرکی پاراستنی تاکەکانی دەکەوێتە ئەستۆ. لەسەر ئەم بنەمایە دەسەڵاتەکانی سەرۆک سنوردار دەکرێت و ڕەها نابێت، لەکاتی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەی گەل بۆی هەیە لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات و دەتوانن لە دەسەڵاتیش لای بدەن. بۆیە سستەمی سیاسی و حوکمڕانی وڵات بە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی ناودەبەن. لۆک پشتگیری لە سستەمێکی دەستووری دەکرد واتا حکومەتێکی مەرجدارە بە مەرجی گرێبەستی دوو لایەن دروست بووە. ئەرکی دەوڵەت بریتییە لە سێ ئەرکی سەرەکی، یەکەم: سەقامگیری بە پشت بەستن بە یاسا، ئەم یاسایە ببێتە سەرچاوەی یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان. دووەم: حوکمێکی بێ لایەن بگێرێت. سێیەم: پێویستی هەبوونی دەسەڵاتێک کە بڕیارەکانی ڕاست و دروست بن و جێبەجێ کردنێکی گونجاوی هەبێت.

سێیەم: جان جاک ڕۆسۆ/ Jean-Jacques Rousseau

لە دیدگای بیرمەندی فەرەنسی ڕۆسۆ، مەبەست لەم گرێبەستە کۆمەڵایەتیە شۆرش کردن بوو دژی سستەمی پادشایەتی ڕەهای فەرەنسا بوو، هەروەها بۆ چەسپاندنی سەروەری گەل بوو. ڕۆسۆ بڕوای وابوو سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی تاکەکان لە دۆخێکی تەواو ئازاد و یەکسان بوون، بەڵام بەهۆی بەردەوامی گەشەی دانیشتوان و زیادبوونی پێداویستیەکان، پێویست بوو واز لە بەشێک لە ئازادیەکانیان بهێنن بە گرێبەستێک لە نێوان تاکەکان دواتریش تاکەکان لەگەل دەزگاکانی دەوڵەت. بەم شێوەیە سەرۆکی وڵات لایەنی گرێبەستەکە نیە و کۆمەڵە هەڵبژێردراوەکەی کە مومارەسەی دەسەڵاتی سیاسی دەکەن ئەوان بەرپرسن بەرامبەر گەل. بەم شێوەیە یاساکان دەربڕی ئیرادەی گەلن و حکومەتێکی بەرپرسیار بەرامبەر گەل بوونی هەیە. ڕۆسۆ پێچەوانەی هۆبز بڕوای بە حکومەتی ڕەها نەبوو، بەڵکو بڕوای بە حکومەتێک بوو پشت ئەستور بێت بە گەلەکەی.

### ❖ ڕەگەزەکانی دەوڵەت:

بەشێوەیەکی گشتی دەوڵەت سێ ڕەگەزی بنەڕەتی هەیە و بریتیین لە:

**یەکەم/ گەل:**

گەل گرنگترین ڕەگەزی دەوڵەتە، گەل گوزارشتە لە گشت دانیشتوانی سنوری وڵاتێک کە لەسەر خاکی دەوڵەتێک نیشتەجێ بوونە، ئەم دانیشتوانانە خاوەنی ڕەگەزنامەیەکی تایبەت بە وڵاتی خۆیانن و کۆمەڵێک خاسیەتی کلتووری و زمانی و نەتەوەیی و ئاینی و نەژادی هاوبەش کۆی کردونەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی دەوڵەتانی جیهان لە چەندین گەل پێک دێن، بەڵام دەوڵەت هەیە لە یەک گەلی ڕەسەن پێک دێت. ژمارەیەکی سنوردار نیە وەک پێوەر بۆ دیاریکردنی ڕێژەی تاک بۆ گەل چونکە دانیشتوانی جیهان بەردەوام لە گەشەدان.

**دووەم/ هەرێم:**

مەبەست لە هەرێم بریتییە لە سنوری جوگرافی وڵات کە هاوڵاتیان تێیدا دەژین، هەرێم واتا خاکی نیشتمان، هەر هەرێمێک لە جیهاندا ناوێکی تایبەت بە دەوڵەتی خۆی هەیە. بەشێوەیەکی گشتی هەرێم ئەم بەشانە لەخۆدەگرێت:

١) هەرێمی وشکانی: جەرگەی زەوی دەگرێتەوە کە بریتیین لە ڕێگا و شاخ و چیا و دەشتایی و چینە قوڵەکانی زەوی و سامانە سروشتیەکانی ژێر زەوی وەک نەوت و خەڵوز و گشت مەعدەنەکان.

٢) هەرێمی ئاوی (دەریایی): ئەمەش پێک دێت لە ڕووبار و دەریا و دەریاچەکانی ناو سنوری وڵات دەگرێتەوە. بەشێک لە دەریا بەستراوە بەکەناراوەکان دەگرێتەوە کە زۆرجار پێ ی دەگوترێت دەریای هەرێمی.

٣) هەرێمی ئاسمانی: ئەم بەشە بریتییە لە چینە هەوایەکانی سەر دەوڵەتێک، بەگوێرەی یاسـای نێودەوڵەتی هەر دەوڵەتێک مافی خۆیەتی سـنوری ئاسـمانی خۆی بۆ سـودی وڵات بەکاربهێنێت بەمەرجێک دوور بێت لەسـەر زەرەر گەیاندن بە وڵاتانی دراوسـێ ی. دەوڵەت بۆی هەیە ئاسمان بۆ فرۆکە و مانگی دەستکرد و ئامێری پەیوەندی و کارییتر بەکارهێنێت.

**سێیەم/ دەسەڵاتی سیاسی:**

دەسەڵاتی سیاسی کەلە لایەن حکومەتێک پەیڕەو دەکرێت، حکومەت وەک ئامرازێکە کە مومارەسـەی دەسـەڵاتی سـیاسـی دەکات لە سـنوری هەرێمەکەی و خاوەنی سـەروەری خۆیەتی. حکومەت کاروباری ناوخۆی وڵات ڕێک دەخات و سیاسەتی نێودەوڵەتیش دروست دەکات. میشـێڵ فۆکۆ پێناسـەی حکومەت دەکات بەوەی "کۆمەڵە دامەزراوە و دەزگایەکن هاوڵاتیان ملکەچی فەرمانەکانی دەبن. حکومەت وێنەیەکە بۆ سستەمی سیاسی هەر وڵاتێک".

❖ **جۆرەکانی دەوڵەت:**

لەڕوی پێکهاتەییەوە دەوڵەت بۆچەند شـێوازێک پۆلێن دەکرێن کەزیاتر دوو جۆری سەرەکی باس دەکرێت وەک دەوڵەتی سادە و دەوڵەتی ئاوێتە.

**یەکەم: دەوڵەتی سادە (الدولة البسيطة):**

ئەم دەوڵەتە ڕێکخسـتنە سـیاسـیەکانی لە شـێوازێکی سـادە و ئاسـان پێکهاتووە، سەروەری وڵات یەکپارچەیە و لەدەستی ناوەند دایە دەسەڵاتی سیاسی لەسەر ئاستی یەک گەل و یەک دەسـەڵات و یەک حکومەت ئیدارە دەکرێت لە لایەنی ناوخۆیی و دەرەکی. فیقهی دەستووری بە دەوڵەتی سادە ناوی دەبات چونکە پارچە ناکرێت. سیماکانیشی بریتیین لە:

أ) لە ڕووی ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسی: تاکە دەسەڵاتێکی سیاسی هەیە و یەک جۆر حکومەت هەیە ئەویش حکومەتی ناوەندە و لە پایەتەخت کۆنترۆڵی کاروباری سـەرتاسـەری وڵات دەکات.

ب) لە ڕووی گەل: دەوڵەتی سادە لە یەک گەل پێک دێت کە خاوەنی یەک ڕەگەزنامەن، سەرەڕای هەبوونی چەندین پێکهاتەییتر بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی تەنها دان پێدان بە یەک پێکهاتە دەکات.

ت) لە ڕووی هەرێم: دەوڵەتی سادە بەوە ناسراوە لە یەک پارچە و حکومەتێکی ناوەندی بەهێز لە پایەتەختەوەیە. دەسەڵاتی سیاسی لەسەر ئاستی گشتی وڵات جێبەجێ دەکرێت و هیچ هەرێمکییتر بوونی نابێت.

پ) لە ڕووی دەستووری: دەوڵەتی سادە خاوەنی یەک دەستوورە و تاکە کەسێک بەڕێوەی دەبات، هەندێک جار مەرج نیە تاکە کەسێک بەڕێوەی ببات، دەکرێت دیموکراسی بێت یاخود دیکتاتۆری یاخود مەلەکی بێت.

ج) لە ڕووی ئیداری: لە دەوڵەتی سادەدا تەواوی دەسەڵاتە ئیداریەکان لە ناوەند چڕ دەبێتەوە، هەر بڕیارێک لە ناوەند دەربچێت ڕاستەوخۆ لەسەرتاسەری وڵات جێ بەجێ دەکرێت.

**دووەم: دەوڵەتی ئاوێتە (الدولة المركبة):**

دەوڵەتی ئاوێتە پێکدێت لەیەکگرتنی دوو دەوڵەت یان زیاتر، شێوازی دەوڵەتەکە دەگۆڕێت بەپێی جۆری یەکگرتنەکە و، دابەش دەبن بۆ چەند جۆرێکی سەرەکی، وەک (یەکێتی کەسی، یەکێتی کۆنفیدراڵیی و دەوڵەتی فیدراڵیی). کە هەریەکەیان شێوازێکە و ئامانجێکی جیاوازی هەیە:

١. یەکێتی کەسی: لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر دروست دەبێت و، یەک سەرۆک سەرۆکایەتی ئەو دەوڵەتانە دەکات.

٢. یەکێتی کۆنفیدراڵیی: لە یەکگرتنی دوو دەوڵەت یان زیاتر دروست دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو بەڵام مەرجی پێکهێنانی کۆنفیداڵیی ئەوەیە دەبێت ئەو

دەوڵەتـانە کەدێنە نـاو یەکێتیەکە دەوڵەتی ســـەربەخۆبن و، ئەنجومەنێـک پێکـدەهێنن بۆ سەرۆکایەتی یەکێتییە کۆنفیدراڵییەکە.

٣. دەوڵەتی فیدراڵیی: بیرمەندی ســیاســی ئەمریکی "ویلیام ریکەر" لە بارەی چەمکی فیدراڵیەوە دەڵێت: فیدراڵییەت ڕێکخســتنێکی سـیاسـییە، کە تیایدا کارەکانی حکومەت لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمەکان دابەش دەکرێت. بە شــێوەیەک کە هەر یەک لەم حکومەتانە بەشـێک لە کارەکان بەڕێوە دەبەن و، دەتوانن بڕیاری یەکلاکەرەوە لەو بارەیەوە بدەن. هەر لەم بارەیەوە (د. محەمەد عومەر مەولوود) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە فیدراڵییەت ڕێکخســتنێکی ســیاســی و دەســتووری نێوخۆیی ئاوێتەیە، بەو پێیە چەند دەوڵەتێکی ئەندام یاخود چەند ویلایەت و هەرێمێک دەچنە ژێر باری دەوڵەتێکی یەکگرتووی لە خۆیان بەرزتر. ئەم ڕێکخســـتنە دوو ڕووی هەیە، یەکێکیان دەرەکییە، کە وەک یەک دەوڵەت لە گۆڕەپانی دەرەوە خۆی پیشـــان دەدات، ئەویتر ڕوویەکی نـاوخۆییە کە بریتییە لە پێکهـاتەی چەنـد قەوارەیەکی دەســـتووری کە بەشـــداری لە پیادەکردنی ســـەروەری ناوخۆیدا دەکەن. وە پســـپۆڕی بواری یاســـای دەســـتووری عێراقی (د. منذر الشـــاوي) دەڵێت: دەوڵەتی فیدراڵی پێکدێت لە یەکگرتنی ژمـارەیەک دەوڵەت، هەرێم و ویلایەت بۆ پێکهێنـانی دەوڵەتێکی نوێی یەکگرتوو، کە ئەو دەوڵەتە نوێیە دەســتوورێکی دەبێت کە دەســەڵات و بەرپرســیاریەتیەکان بەشـــێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان ئەو دەوڵەت و هەرێم و ویلایەتانە دابەش دەکات. هەر هەرێم ویلایەتێکیش دەسـتوور، دەسـەڵاتی یاسـادانان، دەسـەڵاتی جێبەجێکردن و دەسـەڵاتی دادوەری تایبەت بە خۆی دەبێت، دەســـتووری فیدراڵیش دەســـەڵاتەکان لە نێوان هەرێم و ناوەند دیاریدەکات.

لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا (٤٠%) دانیشـــتوانی جیهان لە (٢٧) وڵاتی جیاواز لە ســـایەی ســستەمی فیدراڵی دا دەژین ، ئەم وڵاتانەش وەک نمونە پێک دێن لە: (ووڵاتە یەکگرتوەکانی

ئەمەریکا، کەنەدا، بەرازیل، ئەرژەنتین، ئەسـوبیا، ئوسـترالیا، بەلچیکا، بۆسـنە و هێرسـک، هیندستان، ئیسپانیا، باشوری ئەفەریقا، ئەڵمانیا، ڤەنزویلا، نەمسا، سربیا، سویسرا، ئیماراتی عەرەبی، مۆنتیگرۆ، عیراق).

❖ **شێوازەکانی دروستبوونی دەوڵەت:**

دەوڵەتە جۆراجۆرەکانی جیهان، بە درێژایی مێژوو، بە شـێوازی جیاجیا دروسـت کراون. هەر یەکەیان بەپێی هەلومەرجی تایبەت بە خۆیان، بڕیاریان لەسەر ئەو شیوازە داوە کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت شیاوتر بووە. دەتوانین شێوازەکانی دروستبوونی دەوڵەت، بەم جۆرەی خوارەوە پۆلێن بکەین:

١) **جیابوونەوە:** وەک هەرێم یان ناوچەیەک کە بە هێزی چەکداری لەو دەوڵەتە جیا دەبێتەوە کە پێشـتر بەشـێک بووە لێی. ژمارەیەک دەوڵەت بەم جۆرە دروسـتبوون، وەک جیابوونەوەی ئەمریکا لە بەریتانیا لە سـاڵی ١٧٧٦ و، جیابوونەوەی بەڕازیل لە پورتوگال لە ساڵی ١٨٢٢. هەندێ جار جیابوونەوە بە ئاشتیانە ڕوودەدات، وەک جیابوونەوەی نەرویج لە سوید لە ساڵی ١٩٠٥.

٢) **دابەشـبوون:** لەم حاڵەتەدا، بە هۆی جەنگەوە، دەوڵەتێکی گەورە بەسـەر چەند دەوڵەتێکی بچووک دابەش دەبێت، وەک دروسـتبوونی وڵاتانی بالتیک (سـتۆنیا، لاتڤیا، لیتوانیا)، پاش دابەشبوونی ڕووسیای قەیسەری لە ساڵی ١٩٠٥. هەروا لەوانەیە دابەشبوون بە شـێوازی ئاشـتیانە بیت، وەک دابەشـبوونی چیکۆسـلۆڤاکیا لە ١٩٩٣/١/١، بۆ سـەر دوو وڵاتی چیک و سلۆڤاکیا.

٣) **دەستبەسەرداگرتن:** لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی ناوچەیەکی چۆڵ لە دانیشتووان یان شوێنی نیشتەجێبوونی هۆزە سەرەتاییەکان دێتە دی، وەک دروستبوونی کۆماری لیبریا لە ساڵی ١٨٢٢ بە هۆی کۆیلە ڕزگارکراوەکان، بە هاوکاریی کۆمەڵەی مرۆیی ئەمریکی.

٤) **یەکگرتن:** هەندێ جار چەند دەوڵەتێکی بچووک لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سادە یان لێکدراو یەک دەگرن، وەک یەکگرتنەوەی ئەلمانیای دیموکراتی و ئەڵمانیای فیدراڵی لە ١٩٩٠/١٠/٣.

٥) **ڕیفراندۆم:** هەندێ دەوڵەت لەسەر بنەمای ڕیفراندۆمی جەماوەری دروست دەبن، وەک سوودان لە ساڵی ١٩٥٦، ئێریتریا لە ساڵی ١٩٩٣ و تەیمووری ڕۆژهەلات لە ٢٠٠٢.

٦) **کرداری یاسایی:** هەندێ جار دەوڵەت بە کردارێکی یاسایی دروست دەبێ. لەوانەیە ئەم کردارە یاساییە بە یاسایەکی ناوخۆیی بێت، وەک دروستبوونی فیلیپین بەپێی یاسایەکی ئەمەریکی کە لە ١٩٣٤/٣/٢٤ دەرچوو. لەوانەیە هەندێ جار کردارە یاساییەکە پەیمانێکی نێودەوڵەتی بێت، وەک پەیمانی بریتانیا-ئیرلەندا لە ١٩٢١/١٢/٦ کە بووە هۆی دروستبوونی ئیرلەندا. هەندێ جار ڕەنگە کردارە یاساییەکە بڕیارێک بێت، کە لە دەستەیەکی نێودەوڵەتییەوە دەرچووە، وەک بڕیاری کۆنگرەی لەندەن لە ١٩١٢/١٢/١٧ بۆ دروستبوونی ئەلبانیا و هەروا بڕیاری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٩ بۆ دروستبوونی وڵاتی لیبیا

### ❖ تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت:

بە شێوەیەکی گشتی، دەوڵەت چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە لە دامەزراوەکانی دیکەی جیای دەکاتەوە:

١) **سەروەری:** دەوڵەت خاوەنی باڵاترین هێزە لە کۆمەڵگەدا، کە کۆمەڵگە ناتوانێ سنووری بۆ دابنێت. بەو پێیە بێت، دەوڵەت وەک هێز دەکەوێتە سەرووی هەموو ئەو ڕێکخستن و کۆمەڵانەی لە دەوڵەتدا بوونیان هەیە. هەر ئەمەیە وای لە تۆماس هۆبز کردووە بە دەوڵەت بڵێ "ئەژدیها" (Leviathan).

٢) **سروشتی گشتیبوونی دامەزراوەکانی دەوڵەت:** جیاواز لە دامەزراوە تایبەتییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەزگەکانی دەوڵەت بەرپرسن لە دارشتنی بڕیارە گشتییەکان و جێبەجێکردنیان لە کۆمەڵگە؛ بۆیە ئەم دەزگەیانە هێزی خۆیان لە هاووڵاتییەوە وەردەگرن.

٣) **ڕەوایەتی:** هەمیشە وا سەیری بڕیارەکانی دەوڵەت ناکرێ کە بەزۆر بەسەر کۆمەڵگادا سەپێندرابن، بەڵام وەها لێی دەڕوانرێت کە باشترین بڕیار بن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگە؛ لەو خاڵەوە بابەتی ڕەوایەتیی دەوڵەت سەرچاوە دەگرێت.

٤) **دەوڵەت وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردن:** دەوڵەت ئەوەندە هێزەی کە پێویستییەتی لەبەردەستە، بۆ ئەوەی گرەنتیی سەپاندنی یاساکانی بکات و سەرپێچیکەرانی پێ سزا بدات. ماکس ڤیبەر بەو سروشتەی دەوڵەت دەڵێت "توندوتیژییەکی ڕەوا" لە کۆمەڵگە.

٥) **جوگرافیایەکی دیاریکراو بۆ دەوڵەت:** دەوڵەت لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودا دەسەڵاتەکانی جێبەجێ دەکات. بۆیە هێزی دەوڵەت لەوەدا دەردەکەوێت کە توانای دابینکردنی ئاسایشی هەبێت و کۆی ناوچە جوگرافییەکانی ژێردەستی کۆنترۆڵ کردبێت.

٦) **پارێزگاریکردن لە مانەوەی دەوڵەت:** هەر دەوڵەتێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە؛ ئەو سیاسەتەی دەیگرێتە بەر، ئاستی دەوڵەتەکە دەستنیشان دەکات. دەوڵەتی بەهێز ئەو دەوڵەتەیە دامەزراوەکانی بناغەیەکی بەهێزیان هەبێت و کۆمەڵگەکەی سروشتێکی یەکگرتووی هەبێت، سەرەڕای جیاوازیی نێوان چینەکانی. دەوڵەت بەقەبارەی ئەو بناغەیە دەپێورێت کەلەسەری دامەزراوە. دامەزراندنی دەوڵەت پەیوەستە بە ناسنامەی دەوڵەت و چۆنێتیی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی، بێ ئەوەی زیان بە کەس بگەیەنێت. سەبارەت بە بنیاتنانی دەوڵەت، فۆکۆیاما دەڵێت: "دامەزراندنی دەوڵەت بریتییە لە بەهێزکردنی ئەو دامەزراوانەی

بوونیان هەیە، هاوشـــان لەگەڵ دامەزراندنی دامەزراوەی نوێ کە تواناوی مانەوە بە دەوڵەت ببەخشێ."

### ❖ گرنگی دەوڵەت _دەوڵەت لە دیدگەیەکی هزرییەوە_

بۆ ئەوەی زیاتر لە ڕیشــــە مێژووییەکەی دەوڵەت و، گرنگییەکەی لە دیدی بیرمەند و فەیلەســــووفەکانەوە بزانین، پێویســــتە ئاگامان لە خوێندنەوەی قوتابخانە جیاوازەکانی بیری ســــیاســــی هەبێت کە باســــیان لە دەوڵەت کردووە. ئێمە لێرەدا، دەمانەوێت لە دیدگەیەکی هزرییەوە لە دیدی بیرمەندان و فەیلەسووفانەوە باس لە دەوڵەت بکەین.

**دەوڵەت لە دیـدی "هۆبز"دا:** لە ڕوانگەی بیرمەنـدی ئینگلیزی "تۆمـاس هۆبز"، دەوڵەت دروسـتکراوی دەسـتی تاکە لە دەرەنجامی گرێبەسـتی کۆمەڵایەتی. بە واتایەکی دیکە، هۆبز سـەیری دەوڵەت دەکات وەک ئەوەی کیانێکی دروسـتکراوە و مروڤ هێناویەتییە بوون. واتە دەوڵەت گەشەیەکی سروشتی نییە، بەڵکوو پەیدابوونێکی دروستکراوە لە لایەن مرۆڤەکانەوە. لێرەوە هۆبز ئەوە دەردەبڕێت کە دەوڵەت لە بەرانبەر تاکەکاندا دەســـەڵاتی ڕەهای هەیە. بە ڕای هۆبز مرۆڤەکان لە دۆخی "بێدەوڵەتی"دا چارەنووســــیان دیار نییە؛ واتە تەنیا لەناو دەوڵەتدا مرۆڤەکان چارەنووســیان دیارە، چونکە بە ڕای هۆبز پێش دروســتبوونی دەوڵەت، کۆمەڵگا لە دۆخی سروشتیدایە.

**دەوڵەت لە هزری "هیگڵ"دا:** لای فەیلەســــووفی ئەڵمـانی "فریـدریـک هیگـل"، دەوڵەت بەرزترین قۆناغی گەشـــەســـەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. لەم دۆخەدا مرۆڤەکان پێوەرە ڕەوشـــتییەکـان بەرانبەر بە یەکتر پەیڕەو دەکەن، چونکە هەر تـاکێـک بە تـاکێکی دیکەوە بەســـتراوەتەوە. دەوڵەت بۆ پارێزگاریکردن لە مۆڵکداریی تایبەت دروســـت دەکرێت. بە لای هێگڵـەوە، لە دۆخی دەوڵەتبوونـدا تـاک بەئـازادی دەگـات. هـەروەهـا هیگل پێی وایە تـاک لە دەرەوەی کۆمەڵگا و دەوڵەت هیچ نرخێکی نییە؛ کەواتە بوونی تاک، پەیوەســــتە بە بوونی

دەوڵەتەکەیەوە. لای هیگڵ کەســـەکان ناتوانن گوزارشـــت لە خۆیان بکەن تەنیا لە دەوڵەتدا نەبێت و، تاکەکان هەموو بەها ڕۆحی و ڕاستییەکان لە دەوڵەتەوە وەردەگرن.

**دەوڵەت لای ئەفلاتۆن و ئەرستۆ:** هەر دوو فەیلەسووفی مەزنی یۆنانی کۆن، "ئەفلاتۆن" لە کتێبی بەناوبانگی کۆمار و، "ئەرستۆ" لە کتێبی سیاسەت، بابەتی سەرەکییان بریتیی بووە لە دەوڵەت. بە جۆرێک ئەم دوو بیرمەندە گەیشـــتوونەتە ئەو بڕوایەی، کە تاک ناتوانێ بە بەردەوامی ململانێی دەوروبەری بکات، بۆیە پێویســـتیی بە پێکەوەژیانە. لێرەوە بیرۆکەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی مرۆڤ بە مرۆڤ سەر هەڵدەدات، کە مەبەست لێی دروستکردنی دەوڵەتە وەک چوارچێوەی کار و ڕێکخستنی کۆمەڵگا.

**دەوڵەت لای ڕۆســۆ و ســپینۆزا:** فەیلەســووفی فەڕەنســی "ژان ژاک ڕۆسـۆ" پێی وایە دەوڵەت، مرۆڤەکان لە قۆناغ و حاڵەتی ســـروشـــتییەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغی کۆمەڵگای ڕێکخراو. بۆ گەیشـــتن بەو حاڵەت و مەبەســـتەیش، دەبێت ئەو دەوڵەتە لە ڕێگەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتییـەوە لە نێوان تـاکەکـانی ئەو کۆمەڵگـایەدا بێتە دی و، خـاڵی هەرە گرنگی ئەو پەیمـانەیش، دەبێـت بریتیی بێـت لەوەی دەوڵەت مـافی تـاکەکـانی کۆمەڵگـا دابین بکـات و ئازادییەکانیان بۆ فەراهەم بکات.

بیرمەندی هۆڵەندی "باروخ سپینۆزا"، پێی وایە بۆ ئەوەی دەوڵەت نەبێتە کەرەستەیەک بە دەست ستەمکار و دیکتاتۆرەکانەوە، نابێ دەوڵەت خەڵک بتۆقێنێ و ملیان پێ کەچ بکات. بۆیە، دەبێ لەو پەیمانی کۆمەڵایەتییەدا دەوڵەتمەدارەکان بە کۆمەڵێک کۆت و مەرجی یاسایی ڕازی بن و، تاکەکانی کۆمەڵگا جگە لە پیادەکردنی ئازادییەکانیان، ترسیان لە کەس نەبێت.

**لۆک و دەوڵەت:** فەیلەســـووفی ئینگلیزی "جۆن لۆک" دەڵێت: کاری دەوڵەت تێپەڕاندنی دۆخی سروشتیی نییە بە تەنیا، بەڵکوو پاراستنی مافە سروشتییەکانی تاکەکانیشە. لۆک ڕای وایە ڕاســـتە کە ئێمەی مرۆڤ پێویســـتمان بە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام ئەم پەیمانە

مانای ئەوە نییە کە دەوڵەت لە لێپرسینەوە بێبەری بکەین. لای لۆک سەروەری، بەشێکی دانەبڕاوی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییەیە، کە دەبێت دەوڵەت خۆی پێوەی پابەند بێت؛ واتە بەرانبەر بە هەڵە و کەموکورتییەکانی بەرپرسیار بێت. بۆ ئەم مەبەستەیش، لۆک سیستەمی دابەشکردنی دەسەلات دەهێنێتە ناو پرسی فەلسەفەی دەولەتداریتییەوە، کە خۆی لە چەمکی لیبرالیزمدا دەبینێتەوە. دابەشکردنی دەسەلات لە نێوان ئەو ئۆرگانەی یاسا دادەنێت و ئەو ئۆرگانەی کە یاسا جێبەجێی دەکات، گەرەنتییەکە بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئازادی و مافەکانی تاک.

**دەوڵەت لە هزری "ڤیبەر" و "کیلین"دا:** لە هزری بیرمەندی ئەڵمانی "ماکس ڤیبەر"، دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵگایەکی مرۆیی، کە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە شەرعییەتی بەکارهێنانی هێز لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەدەست دێنێت. واتە کرۆکی دەوڵەت بریتییە لە هێز. "ڕۆدۆلف کیلین"، زانای سیاسیی سویدی، یەکێکە لە ناسراوترین زانایانی بواری جیۆپۆلیتیک و، پێی وایە تەواوی زانستی جیۆپۆلتیک بریتییە لە دەوڵەت.

**دەوڵەت لای دۆرکهایم:** فەیلەسووفی فەرەنسی "ئیمیل دۆرکهایم"، گوزارشت لە دەوڵەت دەکات لەسەر بنەمای دابەشکردنی کار لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا. ئەم ڕوانینەی دۆرکهایم بۆ دەوڵەت، سروشتێکی ئابووری بە دەوڵەت دەبەخشێت، بە مەبەستی ئەوەی دەوڵەت سەروەت و سامانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر تاکەکان دابەش بکات.

## باسی دووەم

## دیموکراسی (الديموقراطية / Democracy)

### ❖ پێناسەی چەمکی دیموکراسی:

دیموکراسی چەمکێکی یۆنانیە و لە دوو وشە پێکدێت ئەوانیش "دیمۆس" (Demos) واتە خەڵک و "کراتۆس" (Cratos) واتە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی، بۆیە دیموکراسی لە ڕووی وشەوە بەمانای فەرمانڕەوای گەل لە ڕیگای گەل خۆیانەوە دێت. بە شێوەیەکی ڕوونتر مەبەست لە دیموکراسی، شێوازێکە لە حکومەت کە تیایدا خەڵکی "بەواتای زۆرینە، نەک تاکە کەس یان کەمینە" حوکمی دەکەن.

چەمکی دیموکراسی وەک هەر چەمکو زاراوەیەکی دیکەی نێو زانستی سیاسی خاوەنی چەندین پێناسەو شیکاری جیاوازە، بە جۆرێک هەر پسپۆڕو بیرمەندێک لە گۆشەنیگاو دیدگایەکی تایبەتەوە لەم چەمکە دەڕوانێت، وە لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە چەمکو پێناسەکانی دیموکراسی لە ڕووی شێوەو پێکهاتەو ڕستەکانەوە جیاواز بن بەڵام لە ناوەڕۆکدا لە یەکتر نزیک دەبنەوەو لە خاڵێکدا یەکدەگرن.

کەواتە لە مەڕ دیموکراسی پێناسەگەلێکی زۆر و فراوان هەن؛ لەوانە دیموکراسی پێناسە کراوە بە حکومەتێک کە فەرمانڕەواکانی گەل هەڵیبژاردوون، واتە لە سەر ویستی گەل بووبن بە فەرمانڕەوا. پێناسەیەکی دیکەی ئەم چەمکە ئەوەیە کە دیموکراسی شێوازێکی فەرمانڕەواییکردنی سیاسییانەیە کە باس لە چۆنیەتی حوکمی گەل دەکات لە لایەن خودی گەلەوە. لە ڕاستیدا مافی وەرگرتنی بڕیاری سیاسییە بۆ گەل و دیاریکردنی لێپرسراوانە لە لایەن گەلەوە کە ئەمەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە جێبەجێ دەکرێت.

بەڵام پێناسەکەی "ئەبراهام لینکۆڵن" لە بیر مێژوو ناچێتەوە، کاتێک کە لینکۆڵن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٨٥٩-١٨٦٤)،

دیموکراسی وەها ڕوونکردەوە کە "دیموکراسی بریتییە لە حوکمی گەل، لە ڕێگەی گەلەوە و بۆ گەل".

بە بڕوای "ئەنتۆنی گیدنیز" کۆمەڵناسی ئینگلیزی مەبەست لە دیموکراسی سیستەمێکی سـیاسـیە کە خاوەنی سـێ تایبەتمەندی بێت، ئەوانیش فرە حیزبی و هەڵبژاردنی ئازاد و دەسەڵاتێکی یاسایی.

بەپێی ئەو پێناسانەی کە کلتوورە سیاسیەکان پێشکەشیان کردووە، دیموکراسی بەو چەشنە سیستەمە سیاسیە دەگوترێت کە خەڵک بەڕێوە دەبەن، لەم ڕوانگەیەوە لە بەرانبەر سیستەمی ستەمکاری و تۆتالیتاری و دەسەلاتی ڕەهای تاکە کەسی ڕادەوەستێ، بۆیە ئەم دژە وەستانەش جەوهەری دیموکراسیمان بۆ وێنا دەکات.

بەگشـتی دیموکراسـی، بریتییە لە حکومەتی زۆرینە، کە دەسـەڵات لە دەسـت گەلدا کۆدەکاتەوە و هەر گەلیش بنچینە و سـەرچاوەی سـەروەری و ڕەوایەتی دەسـەڵاتە. بە واتایەکی دەقاودەقتر، دیموکراسـی بریتییە لەوەی کە حوکم، حوکمی ڕەهای تاکەکەس و کەمینە نەبێت، بەڵکو حوکمی زۆرینە بێت و زۆرینە لە حوکمدا بن و حوکم بکەن.

لە ژێر ڕووناکایی ئەم پێناسـانەدا، زۆر لە زانایانی بواری زانسـتی سـیاسـەت لەو بـاوەڕەدان کە دیموکراسـی بریتییە لە جۆرێـک لە فەرمـانڕەواییکردن کە بەرئەنجـام و دەرهاوێشتەی بیرکردنەوەی دروستە، یان بە دەستەواژەیەکییتر، حکومەتی دیموکراسی لە سـەر بنەمای بیرکردنەوەی دروسـت بونیات نراوە. بەڵام ئەوەی کە وەک لایەنی پراکتیکی بووەتە بەرئەنجام، ئەوەیە کە بایەخی دیموکراسـی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیادتر و فراوانتر دەبێت. هەڵبەت، ئەمەش مانای کۆتایی ململانێی نێوان ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان ناگەیەنێت، بەڵکو هێشتا ئایدیاییتر ماوون کە لەگەڵ دیموکراسیدا بەتەواوەتی یەکناگرنەوە.

هاوکاتیش دەبینرێت کە دیموکراسی هەر بە تەنها وەک سیستەم و فۆرمێک بۆ سیاسەت سەیر ناکرێت، بەڵکو دیموکراسی چوارچێوەی بازنەی سیاسەتی تێپەڕاندووە و لە کایە جیاوازەکانییتری ژیانی ڕۆژانەی تاک و کۆمەڵ و تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا خۆی دەبینێتەوە. ئەمڕۆکە جیا لە حوکمی دیموکراسی، باسیش لە پەروەردەی دیموکراسی، تاک و خێزانی دیموکرات و بازاری دیموکراتیش دەکرێت؛ ئەمەش هەر بە تەنها لە ئاستی باس و خواستدا نەماوەتەوە، بەڵکو وەک ئاستی پراکتیکیش لە دیفاکتۆی کۆمەڵگا مرۆییەکاندا بە دی دەکرێت.

ئەوەی کەلە سەرەوە سەبارەت بە دیموکراسی و بڵاوبوونەوەی باس کرا، هەر بە تەنها نابێتە تەنها بیروڕا لە سەر دیدی گەلان و دەوڵەتان لە سەر دیموکراسی، بەڵکو لە پاڵ هەموو ئەو بەدیموکراسیبوون و بەدیموکراسیکردنەدا کەلە ئاستی جیهانیدا لە ئارادایە، نموونەی ئەو دەوڵەتانەش هەن کە تەنانەت بە پێی دەستووری وڵات – ناڕاستەوخۆ و بە گرتنەبەری ئایدیۆلۆژیا و سیستەمێکییتر، دیموکراسی ڕەت دەکەنەوە، یاخود دیموکراسییان بە تێکەڵاوی لەگەڵ سیستەم یان ئایین یان ئایدیۆلۆژیایەکییتردا دەوێت، یان دیموکراسییەت بە داتاشراوی خۆیانەوە و بە ڕەخنەوە قبوڵ دەکەن.

بەڵام دواجار ئەوە هەر دیموکراسییە کە دەبێتە سیستەمێکی باوی پەسەندکراو لە لایەن زۆرینەی گەلان و دەوڵەتان. ئەوەش هەر دیموکراسییە کە دەتوانێت کاریگەر بێت لە سەر زۆرێک لە بوارە جیاجیاکانی ژیان لە زۆرێک لە وڵاتە مەزنەکاندا، وەک ئەو کاریگەرییانەی کەلە سەر هزر، هەست، کولتور و ئاکاری تاک و کۆمەڵگاکان هەیەتی.

### ❖ مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی دیموکراسی:

هەندێک لە سەرچاوە سیاسی و مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرهەڵدانی دیموکراسی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە چوار سەد ساڵ پێش زاین و بۆ سەردەمی فەرمانڕوایی

پێریکلێس (٤٩٥ بۆ ٤٢٩ پ. ز) لە یۆنان، ئەو پێریکلێسەی کە زۆر لە هزڤانان و فەیلەسوفان پێیان وایە سەردەمی فەرمانڕەوایکردنەکەی بەرزترین پلەی گەشەی ئابووری و سیاسی و پێشکەوتنی ڕۆڵی زانست و هونەر بووە لە هەموو بوارەکانی ژیانی یۆناندا. پریکلیس پێی وابووە مرۆڤ لە هەموو شتێک گرنگتر و گەورەترن، وە دەبێت هەموو هاونیشتیمانیان پرسی پێبکرێت و خاوەن دەنگ بێت لە تەواوی ئەو پرسانەدا کە پەیوەندیان بە ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە هەیە، وە پێویستە ڕا و بۆچونەکانی خەڵکی وەربگیرێت ئەوکات کۆمەڵگە بە گشتی هەست بە بوونی خۆی دەکات و بە بەرپرسیارێتیەوە بۆ ژیانی باشتر و گەشەدارتر هەنگاو دەنێت.

یەکەمین جار کە وشەی دیموکراسی بەکارهێنرا، لە شێوەی دەستەواژەی دیموکراسیا-دا و لە ئەسینا لە سەردەمی "کلیستن"دا بوو. ئەمەش کاتێک بوو کە کلیستن کۆتایی بە دەسەڵاتی هیپارک و هیپیاس هێنا و دەسەڵات کەوتە دەست خەڵکی هەژار و گوندییەکانەوە و بەو دەسەڵاتەشیان دەگوت: "دیموکراسیا".

هەروەها بەرهەمی پەرەسەندنی هۆشیاری سیاسی دەوڵەتشارەکانی یۆنانی کۆنە کەلە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا، لە دەوڵەتشارەکانی یۆناندا ژیانی دیموکراسی دەرکەوت و لە ناویاندا ئەسینا نموونەی بەرجەستەیە. بە تایبەت کاتێک کەلە ئەسینادا سیستەمی دیموکراسی پەیڕەو دەکرا، کەچی لە هەمان کاتدا لە ئیسپارتە؛ ئەریستۆکراسی زۆرداری، سیستەمی فەرمانڕەوا بوو. بۆیە سەرەتاکانی دیموکراسی دەگەڕێنەوە بۆ یۆنانی کۆن. هەرچەندە کە دیموکراسییەتی یۆنانی کۆن لە سەر شێوەی دیموکراسی ڕاستەوخۆ بەڕێوەدەچوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاڵی نەبووە لە ڕەخنە و کەموکوڕی.

❖ **شێوەکانی دیموکراسی:**

دیموکراســـــی چەندین جۆر و شــــێوەی جیاوازی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشــــدا ئەم جیاوازبوونەی شـێوەکانی دیموکراسـی نەبووەتە هۆی ئەوەی کە هیچ یەک لە شـێوازەکانی دیموکراسی واز لە دوو پرەنسیپی سەرەکی "بەشداری سیاسی - المشاركة السياسية " و "چـاودێری میللی – الرقـابـة الشـــعبيـة" بهێنن و بەردەوامیش لە هەموو جۆرەکـانیـدا، فەرمـانڕەواییکردنی خەڵک، جەختی لە ســــەر کراوەتەوە. هەڵبەت، ئەم جیـاوازبوونەش لە پراکتیزەکردنی دیموکراسیدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کاتێکدا لە حوکمی دیموکراسییانەدا گەل سەرچاوەی سەرداریێتییە، کەوایە ئەم گەلە بە چ ڕێگەیەک مومارەسەی ئەم دەسەڵاتەی دەکات؟ ڕاســتەوخۆ یان نیمچە ڕاســتەوخۆ یاخود لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە؟ هەر ئەمەشــە فرەجۆری لە شێوەکانی دیموکراسی هێناوەتە ئاراوە.

هەموو ئەمانە سەرەڕای ئەوەن کە پێشکەوتنە ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، مێژوویی، ڕۆشـنبیری و تەکنۆلۆژییەکان لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، جیاجیاییان لە دیموکراسـی هێناوەتە ئاراوە. هەر بۆیەش سێ شێوە لە شێوە سەرەکییەکانی دیموکراسی بەدیار دەکەون:

**یەکەم: دیموکراسی ڕاستەوخۆ/** Direct Democracy

یەکەمین شـێوازی دیموکراسـیە کە تیایدا خەڵک بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ ممارەسـەی دەســـــەڵاتی خۆی دەکات، وە هەر خۆی بڕیار دەردەکات و جێبەجێ دەکات، لێرەدا خەڵکی کۆمەڵە کەســـــانێک هەڵدەبژێرن بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان، بەڵام بۆ هەر کارێک دەبێت ڕاوبۆچونی خەڵک وەربگرن، ئەم نوێنەرانە ناتوانن ســەربەخۆ بڕیار بدەن، لە ســەرەتادا ئەم شێوە دیموکراسیە لە یۆنانی کۆن سەری هەڵدا. بەڵام لەو کاتەدا ژمارەی خەڵکی کەم بوونو تەنها ئەو کەســـانە مافی دەنگدانیان هەبوو کە ئازادو ئامادەبوون، لەم جۆرە ســیســتەمەدا خەڵکی لە شـوێنێک کۆ دەبوونەوە کە پێی دەوترا (پاتریسـا)، تێدا دەنگیان دەدا. دوای ئەوەی

کە نوێنەرەکان بڕیاریان دەدا پاشـــان خەڵکەکەیان کۆ دەکردەوە بۆ ئەوەی دەنگ لەســـەر بڕیارەکە بدەن، ئەگەر ڕایان لێ بوایە پەســـندیان دەکرد ئەگینا ڕەتیان دەکردەوە، هەر بۆیە تاقمێک لە فەیلەسەف و بیرمەندان دیموکراسی ڕاستەوخۆیان بە جەوهەری دیموکراسی ناو بردووە، بە واتایەکی دیکە دیموکراســی ڕاســتەوخۆ بە مانای ڕاســتەقینەی وشــەکە دەزانن. هەتا وەکوو ئێســتاش ئەم جۆرە دیموکراســیە لە هەندێک هەرێمی ســویســرا جێ بە جێ دەکرێت وەکوو ئۆنتەرڤلۆب و گلاریس و ئاپێنزل.

بێگومان ئەم جۆرە دیموکراســـییە، لایەنەی باش و خراپی خۆی هەیە، لە دیارترین باشــیەکانی ئەوەیە کە ئەم جۆرە دیموکراســیە لەگەڵ ڕۆح و فەلســەفەی دیموکراســی دا دەگونجێ، چونکە ئەم دیموکراســـیە حوکمی گەلە لەلایەن گەلەوە بۆ گەل. وە هەروەهـا ســیســتەمێکی ڕاســتگۆو پاکە و ناتوانرێت بڕیاری شــاراوەی تێدا بدرێت، چونکە بۆ هەر بڕیارێک دەبێت بگەڕێینەوە بۆ گەل، وە دەبێت بە ڕاشکاوانە گەلیش بڕیار بدات.

ئەم جۆرە دیموکراسییە ئازادی بۆ گەل فەراهەم دەکات و هەموو بڕیارەکان لە دەستی گەل دەبن. وە لەم ســیســتەمەدا ڕێژەی تاوان کەم دەبێتەوە، چونکە لەهەمان کاتدا خەڵک حاکمو مەحکومیشە _فەرمانڕەوا و فەرمانڕەیکراویشە_. وە لەگەڵ ئەوەشدا لە سایەی ئەم سیستەمەدا کۆمەڵگە ســەقامگیر و ئارام دەبێ، چونکە تووشــی شــۆڕش و ئاژاوەی ناوخۆ نابێت.

لە دیـارترین لایەنە خراپەکـانی ئەم جۆرە دیموکراســـیە ئەوەیە کە نـا واقعییە بۆ سەردەمی ئێستا، چونکە زۆر ئەستەمە هەموو خەڵک لە شوێنێک کۆ بکەیتەوە بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچونیـان. وە ئەم جۆرە دیموکراســـیە ئەگەر زۆر وردی بکەیتەوە هەر دەکـاتە دیموکراســی ناڕاســتەوخۆ چونکە هەر دەبێ نوێنەر هەڵبژێرن. وە هەروەها لە ســیســتەمی حوکم کردن نابێ هەموو شـــتێ ئاشـــکرا بێ، بەڵکو پێویســـتە هەندێ کاری دەوڵەت بە

شاراوەیی بمێنێتەوە. وە لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ خەڵکی نەشیاو یاسایان دەردەکرد کە هیچ لە یاسا نازانن.

دیموکراسی ڕاستەوخۆ لە کۆنترینی شێوەکانی دیموکراسییە کەلە دەوڵەتشارەکانی یۆنانی کۆندا جێبەجێ کراوە، ئەمەش بەوەی کە گەل ڕاستەوخۆ سەرجەمی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری بە دەستەوە بووە، هەر خۆی یاسای دادەڕشت و هەر خۆشی جێبەجێی دەکرد و هەر خودی گەلیش چاودێری بەڕێوەبردنی دەکرد. هەڵبەت، پشکداری ڕەهای خەڵک لە دەسەڵاتدا وەها کەلە خاوەنداریێتی سەرجەمی دەسەڵاتەکاندا ڕەها بووە، لە چەندێتی میللیدا ڕەها نەبووە، بەڵکو ژنان و کۆیلەکانی کۆمەڵگای یۆنانی لە مافی پشکداریکردن بێ بەشکراون.

ئەم جۆرە لە دیموکراسییەت بە شێواز و مۆدیلێکی نموونەیی وەسف دەکرێت، چونکە بە تەواوەتی واتاکانی دیموکراسی تیادا بەرجەستە بوون، وەک ئەوەی کە دەوڵەتشارەکانی یۆنانی کۆن و بە تایبەت ئەسینا، ساڵانە چەندین جار کۆ دەبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن و داڕشتنی یاساکان و هاوکات بۆ جێبەجێ کردن (یان بۆ دانانی کەسانی جێبەجێکار)، کە ئەم حاڵەتەش شێوازێکی نموونەییە لە دیموکراسییەت.

ئەم نموونەییبوونەی دیموکراسی ڕاستەوخۆ لەو ڕوانگەیەوەیە کە خەڵک ڕاستەوخۆ هەڵدەستن بە بەکاربردنی مافەکانی خۆیان وەک خاوەن و سەرچاوەی دەسەڵات و سەروەری، وەگەرنا تەنانەت لە یۆنانی کۆنیشدا ئەم مافە تەنها بۆ هاوڵاتیانی ئازاد هەبوو، ئەوانەی کە ئەندام بوون لە کۆمەڵە گەلییەکاندا، ئەو کۆمەڵانەی کە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی باڵایان دەکرد لە شاردا و ئەمانەش جۆرێک لە ڕەهایەتیان لە دەسەڵاتدا هەبوو: لە یاسادانان، ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی، پەسەندکردنی پەیماننامەکان، سەپاندنی باج، چاودێریکردنی بودجە و دارایی، سەرپەرشتی کردنی بیرۆکراتیا و سوپا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی

جێبەجێکاری، بەڕێوەبردنی موڵک وماڵی گشتی، متمانە بەخشین بە باڵوێزەکان و تەنانەت لە هەڵبژاردن یان دەستنیشانکردن یاخود ڕاکێشانی تیروپشکی دادوەرانیشدا، هەر بە تەنها ئازادەکان خاوەن ماف بوون.

**دووەم: دیموکراسی نوێنەرایەتی/** Representative Democracy

دیموکراسی نوێنەرایەتی، کە دیموکراسی ناڕاستەوخۆیشی پێ دەوترێت، ئەو شێوازەیە لە دیموکراسی کەلە ڕێگەی ئەو نوێنەرانەوە حوکم دەکرێت کە گەل هەڵی بژاردوون، نەک ئەوەی کە خودی گەل ڕاستەوخۆ بەم کارە هەستێت. ئەم نوێنەرانەش بە ناوی گەلەوە و لەبری گەل حوکم دەکەن و ئەمەش بۆ ماوەیەکی کاتی دیاریکراو کە دەستووری وڵات دەستنیشانی دەکات. ئەم نوێنەرانە لە ئەنجومەنێکدا کۆ دەبنەوە کەلە یەک یان دوو ئەنجومەن پێک دێت و کۆمەڵێک دەسەڵاتیان هەیە وەک ئەوەی کەلە ڕووی یاساییەوە یاساکان دادەڕێژن و لە ڕووی داراییەوە قسە لە سەر بودجە دەکەن و بڕیاریشی لە سەر دەدەن و لە ڕووی سیاسیشەوە، ئەوا دەبنە چاودێر بە سەر کاروبارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە.

ناولێنانی دەوڵەتانیش بۆ ئەم ئەنجومەنە جیاوازە و بە زۆری بە پەرلەمان ناوی دەبەن و هاوکات لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەلە ئەنجومەنی نوێنەران و پیران پێک دێت، بە کۆنگرێس ناو دەبرێت. هەروەها لە دەوڵەتانی عەرەبیدا بە ئەنجومەنی نەتەوە لە (ئەردەن و کوەیت و تونس)، ئەنجومەنی گەل لە (میسر و سوریا)، ئەنجومەنی نوێنەران لە (لوبنان و مەغریب)، ئەنجومەنی شورا لە (یەمەن و قەتەر) و ئەنجومەنی نیشتمانی لە (ئیماراتی عەرەبی و بەحرەین و عێراق) ناو دەبرێت.

ئەم شێوەیە لە دیموکراسی بۆ یەکەمجار لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا سەری هەڵدا. دواتر گوازرایەوە بۆ هەر یەک لە ئەمریکا و پاشان فەرەنسا و دواجاریش بووە

سیستەمێکی سیاسی باو. سەرهەڵدانی ئەم شێوازەش بریتیی نەبوو لە ئایدیایەکی نوێ سەبارەت بە فەرمانڕەواییکردن، بەڵکو گەشەکردن و پەرەسەندنە مرۆییەکان بە هەردوو ئاراستە و ئاقاری ئاسۆیی (زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و گەورەبوونی شارەکان) و ستونی (زیادبوونی هوشیاری و هاوکات زیادبوونی ئەرک و کاروباری ڕۆژانە)، دیموکراسییەتی ڕاستەوخۆیان خستە بەردەم هەڕەشەی جێبەجێنەبوونەوە و پێویستیشە بگوترێت کەلە ئەنجامی ئەم فاکتەرانەوە، زۆر ئاستەم بوو کە ئەو هەموو ژمارە زۆرە لە خەڵک بتوانن واز لە کاروباری ڕۆژانەی خۆیان بهێنن و کۆ ببنەوە بۆ قسە و باس و گفتوگۆ و بیروڕاکانیان ئاڵوگۆر بکەن و سەرئەنجام بگەنە بڕیارێک و یاسایەک دابڕێژن و جێبەجێی بکەن و چاودێری جێبەجێ کردنەکەشی بکەن، بەمەش نەدەتوانرا خەڵک لە ئیش و کاری ڕۆژانەی خۆیان گەڕێن و بچن بە دەم کۆبونەوەکانەوە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆر ئاستەمە ئەو هەموو ژمارە زۆرە لە خەڵک بەو هەموو جیاوازیانەیانەوە (جیاوازییە خودی و بۆماوەیی و ژینگەیی و بەرژەوەندی و ئایدیۆلۆژی و... هتد) لە سەر یاسا و بڕیارەکان کۆک بن. هەر بۆیەش دیموکراسی نوێنەرایەتی- ناڕاستەوخۆ سەری هەڵدا؛ کە ئەمیش هەر حوکمی گەلە، بەڵام لە ڕێگەی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیانەوە و بە هۆکار و فاکتەرەکانی هەڵبژاردن و پەرلەمان ئەمە دێتە جێبەجێ کردن، زۆر جاریش بە پارلەمانتاریزم ناو دەبرێت.

پێشڤەچوونە مێژووییەکانیش کۆمەڵێک شێوازی جیاوازیان لە چۆنیەتی هەڵبژاردنەکان هێناوەتە ئاراوە؛ وەک سیستەمی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، سیستەمی هەڵبژاردنی تاکە کەسی و لیستی، سیستەمی هەڵبژاردنی زۆرینە و نوێنەرایەتی ڕێژەیی و سیستەمی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی و پیشەیی. هەموو ئەم شێوازانەش ڕێگەگەلێکن بۆ ئەوەی کە بتوانرێت لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە نوێنەرایەتی هاوڵاتیان بکرێت، واتە لەم

ڕێگەیانەوە هاوڵاتی بەشـــداری لە دەســـەڵاتدا بکات. هەروەها چەندین شـــێوازی جیاجیا لە مومارەسـەکردنی دیموکراسـی نوێنەرایەتی هاتونەتە ئاراوە وەک سـیسـتەمی سـەرۆکایەتی، سیستەمی پەرلەمانی و سیستەمی حکومەتی گشتێنەی نوێنەرایەتی یان گشتێنەی نیشتیمانی.

**سێیەم: دیموکراسی نیمچە ڕاستەوخۆ/** Quasi Direct Democracy

ئەم شـێوەیە لە دیموکراسـی، بە دیموکراسـی تێکەڵیش، واتە: تێکەڵەیەک لە هەر دوو شێوەی پێشـوو دیموکراسـی ڕاسـتەوخۆ و دیموکراسـی ناڕاسـتەوخۆ، ناو دەبرێت. هەروەها بە دیموکراسی نیوە-ڕاستەوخۆ ناو دەبرێت. جیا لەمەش دادەنرێت بە سیستەمێکی نێوەندی لە نێوان سیستەمی دیموکراسی ڕاستەوخۆ و دیموکراسی نوێنەرایەتیدا.

بە گشـتی دیموکراسـی نیمچە ڕاسـتەوخۆ لە ئەنجامی نامومکینبوونی دیموکراسـی ڕاسـتەوخۆوە هـاتوەتە کـایەوە. هەر وەک چۆن ڕێگەیەکیشـە بۆ دەربـازبوون لەو دوورکەوتنەوە یـاخود لە دوورخسـتنەوەی خەڵـک لە دەسـەڵات، کەلە دیموکراسـی نوێنەرایەتییەوە کەوتبووەوە.

لەم نێوەندەشدا، دەتوانرێت بگوترێت، دیموکراسی نیمچە ڕاستەوخۆ وەک چارەسەرێک بۆ کەموکورتییەکانی دیموکراسـی ڕاسـتەوخۆ و مەترسـییەکانی دیموکراسـی ناڕاسـتەوخۆ، هێنراوەتە ئاراوە. گەوهەری بنچینەیی دیموکراسـی نیمچە ڕاسـتەوخۆش بریتییە لە هەبوونی نوێنەرانی گەل هاوکات لەگەڵ مانەوەی دەسـەڵاتی گەل لە کاروبارە گرنگەکاندا، بە تایبەتیش لەو بڕیارانەدا کە پەیوەندییەکی ڕاسـتەوخۆ و گرنگیان بە ژیانی هـاوڵاتیانەوە هەیە، کە ئەمەش لە ڕێگەی هەبوونی پەیوەندییەکی ڕاسـتەوخۆ لە نێوان گەل و پەرلەماندا، دەگاتە ئەنجام.

لە گرنگترینی ئەو تایبەتمەندی و ڕوخسـارانەی کەلە دیموکراسـی نیمچە ڕاسـتەوخۆدا هەن و بەدیاردەکەون، دەتوانرێت ئاماژە بە کۆمەڵە خاڵێک بکرێت:-

أ/ ڕاپرسی میللی:

مەبەست لە ڕاپرسی میللی وەرگرتنی ڕای گەلە لە مەڕ بابەتێک کە گرنگییەکی تایبەت و بەرچاوی هەیە. لێرەشدا چەندین شێواز لە پیادەکردنی ئەم مافەی گەل لە ئارادان کە دەکرێت ڕاپرسییەکە جۆراوجۆر بکات وەک ڕاپرسی دەستووری یان یاسادانانی بێت، یان پێشینەیی بێت یاخود لە پاش دەرچوونی یاساکە ئەنجام بدرێت، وەیاخود ڕاپرسی ناچاری بێت یان ئارەزوومەندانە. سەرئەنجام لە ڕووی هێزی یاساییەوە، ڕاپرسی پابەندکاری (ملزم) و ڕاپرسی ڕاوێژکاری (استشاری) لە ئارادا هەن.

ب/ ڤیتۆی میللی:

مەبەست لە ڤیتۆی میللی، ئەوەیە کە ژمارەیەک لە دەنگدەران مافی ڕەخنەگرتنیان هەیە لە یاسایەک کەلە پەرلەمانەوە دەرچوو بێت، لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا و لە پاش مێژووی بڵاوبوونەوەیەوە، ئەمەش نابێتە هۆی کەوتن (سقوط) ی یاساکە، بەڵکو لە ڕووی جێبەجێ کردنەوە دەیوەستێنێت تا ئەو کاتەی کەلە ڕیفراندۆمێکدا دەخرێتە بەردەم گەل و چارەنوسی ئەم یاسایەش بەند دەبێت و دەبەسترێتەوە بە چارەنوس و ئەنجامی ڕیفراندۆمەکەوە. ئەوەش هەیە کە ئەگەر یاساکە نەخرابێتە بەردەم ڕەخنە و گفتوگۆوە و داوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی لە سەر نەکرا بێت، ئەوا دەبێتە دەقێکی یاسای کۆتای (نهائي).

ج/ پێشنیاری میللی:

لەم مافەدا تاکەکانی گەلی سیاسی (دەنگدەران) دەتوانن کە پڕۆژە پێشنیاری یاسایی بخەنە بەردەم پەرلەمانەوە و پەرلەمان لە سەریەتی کە بیخاتە گفتوگۆوە و بڕیاری شیاوی لە سەر دەربکات، جا چ بە ڕەزامەندی بێت لە سەری یان بە ڕەتکردنەوەی. هەروەها دەشکرێت پڕۆژە پێشنیارکراوە یاساییەکە، پڕۆژەیەکی تەواو بێت وەیان هەر بە تەنها بیرۆکەی یاسایەک بێت؛ ئەمەش پشکداریکردنی گەلە لە دانانی یاساکاندا.

❖ **پرێنسیپەکانی دیموکراسی:**

مەبەست لەو پرێنسیپانەن کە هەبوونیان لە ناو سیستەمێکی سیاسیدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو سیستەمە ببێتە سیستەمێکی دیموکراسی. هەڵبەت، ئەمە بە واتای ڕەهایەتی لە بوونیان نایەت، چونکە زۆر جار لە زۆر لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا، پرێنسیپگەلێک لە پرێنسیپەکانی دیموکراسی پشتگوێ دەخرێن، لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەو سیستەمە بگۆڕدرێت بۆ سیستەمێکی دیکتاتۆری، بەڵکو لە باشێتی و تەواوێتی دیموکراسییەتی ئەو سییستەمە کەم دەبێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی لەو پرێنسیپ و ڕەگەزانەی کەلە تیۆر و پراکتیکی دیموکراسیدا دەبێت هەبن، ئەمانەن:

١) **سەروەری میللی:** "بارۆخ سپینۆزا" فەیلەسوفی هۆڵەندی، گرنگترینی پرێنسیپەکانی دیموکراسی دادەنێت بە "سەروەری میللی"، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە بە یەکەمین پرێنسیپی "ماف"ەوە دەیبەستێتەوە، کە لێیەوە مافەکانی دی سەرچاوە دەگرن و بۆیە پێویستە سەروەری دەوڵەت لە سیستەمی دیموکراسیدا بریتیی بێت لە سەروەری گەل.

٢) **ئازادی گرەنتی کراو:** جگە لە "ماف"، سپینۆزا جەختیش دەکاتەوە سەر "ئازادی"، و "ئازادی گرەنتی کراو" بە دووەمین پرێنسیپی گرنگ بۆ دیموکراسی، دەستنیشان دەکات؛ ئەمەش لەو سۆنگەیەوە کە ئەگەر دیموکراسی بریتیی بێت لە دەسەڵاتی باڵا، کەواتە ناتوانرێت سنوری بۆ دابنرێت، تەنانەت ناشتوانرێت بە ئازادییەکان سنوردار بکرێت، بۆیە لە پێناو پاراستنی ئازادییەکاندا و لە پێناو ڕێگەگرتن لەوەی کە دیموکراسی بگۆڕدرێت بۆ دیکتاتۆری، ئەوا دەبێت، ئازادییەکان لە بەرانبەر دەسەڵاتدا، بپارێزرێن و گرەنتی بکرێن.

٣) **دەستوور:** مادام ئازادی گرەنتی کراو، یەکێک بێت لە گرنگترین پرێنسیپەکانی دیموکراسی، بۆیە دەبێت خودی ئەم پرێنسیپە "پرێنسیپی ئازادی گرەنتی کراو"، گرەنتی

بکرێت و بپارێزرێت. بۆ ئەمەش دەستوور دەبێتە شوێنێک بۆ پاراستنی ئەم پرێنسیپە و ئەو گرەنتیەش کە دەبێت بۆ ئازادییەکان هەبێت، ئەوا خۆی لە دەستووردا دەنەخشێنێت. هەر لەم ڕووەشـــەوەیە کە دەســـتوور بە بنچینە و بنەڕەت دادەنرێت بۆ ســـیســـتەمی دیموکراســـی و جەخت لە سەر پێویستی هەبوونی دەستوور دەکرێتەوە لە پێناو هێنانەدی دیموکراسیدا؛ ئەم دەســـــتوورەش، خۆی لە خۆیدا، دەبێت بە بنەمایەک تاکو دەوڵەتی دیموکراســـــی لە ســـــەر دابمەزرێت.

**٤) ویســـــتی گشـــــتی:** جان جاک ڕۆســـــۆ، یەک لە ئەندامانی قوتابخانەی گرێبەســـــتی کۆمەڵایەتی کە گرێبەستی کۆمەڵایەتی بە گرنگ و بنەما دادەنێت بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی فەرمانڕەوایی، تیایدا "ئازادی" بە بنەڕەت وەردەگرێت و جەختیش لە ســـــەر ئازادی تاکایەتی دەکاتەوە، ئەمەش لەو دیدەوە کە مرۆڤ بە ســـــروشـــــت بوونەوەرێکی ئازادە و هەر بۆیەش ئازادی توخمی سـەرەکی دیموکراسییە. سـەرەڕای ئازادی؛ ڕۆسـۆ، باس لە "ویسـتی گشـتی" دەکات و دەوڵەت دەبێت بەرجەســتەکاری ویســتی گشــتی بێت و لێرەشــەوە دەبێت دەوڵەت بریتیی بێت لە کۆی ویستی تاکەکان و هاوکاتیش یەکسانی لە نێوان ویستی تاکەکان هەبێت. ئەمە بەو واتایەی ئیرادەی هەر تاکێک یەکسانە بە ئیرادەی تاکێکیتر "نە کەمتر و نە زیادتر".

**٥) یەکسانی:** جەختکردنی ڕۆسۆ لە سەر "ئازادی" و "ئیرادە"، پرێنسیپێکی دی بۆ سەر پرێنسـیپەکانی دیموکراسـی زیاد دەکات. ئەویش بریتییە لە پرێنسـیپی یەکسـانی (بەرانبەری)؛ واتە مـادام خەڵکی هەمـوویـان مرۆڤن، کەواتە نـابێـت جیـاوازی بکرێـت لە نێوان تـاکێـک و تـاکێکییتردا، لە مـافەکـانیـانـدا. هەڵبەت، ئەمە بە ڕەچـاوکردنی تـایبەتمەنـدی و ئەرکە خودییەکانیان. ئەو یەکسـانییەی کە بە پرێنسـیپێک لە پرێنسـیپەکانی دیموکراسـی دادەنرێت، مەبەست لێی یەکسانی یاساییە، کە خۆی دەبینێتەوە لە بەشداریکردنی تاک لە بەڕێوەبردنی

کاروباری فەرمانڕەوایی، بە بێ لەبەرچاوگرتنی نەژاد، ڕەگەز، زمان، ئایین و لایەنگری بۆ چین یان ناوەندێکی کۆمەڵایەتی دەستنیشانکراو.

**٦) هەڵبژاردن:** پرێنسیپی یەکسانی لە تیۆری دیموکراسیدا و بۆ هینانە دیفاکتۆی ئەم پرێنسیپە، پێویست بەوە دەکات کە کەناڵێک هەبێت تاوەکو تاک لە ڕێیەوە مافی یەکسانی خۆی بە ئازادییەوە لە بەشداری دەسەڵاتدا، بخاتە جێبەجێ کردن، ئەم کەناڵەش بریتییە لە "هەڵبژاردن". هەڵبژاردنیش لەگەڵ خۆیدا، مەرجەکانی هەڵبژاردنی دیموکراسییانە دێنێت. وەک ئەوەی کە دەبێت لە هەڵبژاردندا زیاتر لە هەڵبژاردە (کاندید) ێک هەبێت، بە ئازادییەوە دەنگ بدرێت، هەڵبژێردراوەکان کاتی بن، نەک هەمیشەیی؛ دەنگدان بە نهێنی ئەنجام بدرێت، ئەم مافی دەنگدانەش بە یەکسانی و بۆ هەمووان بێت و تیاشیدا یاسا سەروەر بێت.

**٧) هاوڵاتیبوون:** هەڵبژاردن، هەر بە تەنها بەشداریکردن نییە لە دەسەڵاتدا، بەڵکو لەگەڵ خۆشیدا واتاکانی "هاوڵاتیبوون" (هاوڵاتێتی) دێنێتە ئاراوە، کە ئەمەش دووبارە تاک دەکاتەوە بە هاوڵاتی و لەم ڕووەشەوە بە حوکمی هاوڵاتیبوونی، تاک سەرەڕای بەشداربوونی لە دەسەڵاتدا و سەرەڕای بە یەکسان سەیرکردنی لە بەرانبەر تاکەکانیتر و لە بەرانبەر یاسا و دادوەریدا، مافەکانیتری وەک مافە مەدەنییەکان، مافە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان و مافە سیاسییەکانی دەبێت. ئەمانەش ناو دەبرێن بە "مافەکانی مرۆڤ" کەلە چوارچێوەی بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتیدا ڕێکخراون و کۆکراونەتەوە و سروشتێکی نێودەوڵەتییان وەرگرتووە، بە جۆرێک کەلە ژێر سایەی چاودێری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، هەموو دەسەڵاتی دەوڵەتان، بە بێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی شێواز و ئایدیۆلۆژیای سیاسی و سیستەمی فەرمانڕەوایی، دەبێت پێیەوە پابەند بن.

گرنگی هەڵبژاردن لە دیموکراسیدا، گرنگییەکی جێگە بایەخە، تا ئەو ڕادەیەی کە سیستەمە دیکتاتۆرییەکان لە سیستەمە دیموکراسییەکان جیا دەکرێنەوە بەوەی کە تیایاندا

هەڵبژاردن ئەنجام نادرێت، یان هەڵبژاردنەکان بێگەرد نین. هەر بۆیەش زۆر جار دیموکراسی وەســـــف دەکرێت بە "هەڵبژاردنی ئازادانەی فەرمانڕەواکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە لایەن فەرمانبەرانەوە".

گرنگی هەڵبژاردنیش هەر بە تەنهـا لە ئەنجـامـدانی هەڵبژاردنەکـانـدا نییە، بەڵکو لە دیموکراسـیبوونی هەڵبژاردنەکانیشـدایە، ئەمەش لە پێناو ئەوەدایە کە دەسـەڵات بە ڕاسـتی بکەوێتە دەست گەلەوە. لە پێناو هێشتنەوەی هەڵبژاردنەکانیش بە پاکی و بێگەردی و ڕێگرتن لە ساختەکاری، هاوڵاتیان پشت دەبەستن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و لەم ڕووەشەوە بە بێ ڕاگەیـانـدنی ئـازاد، وڵاتی ئـازاد، بوونی نـابێـت و بێـدەنگی هۆکـارەکـانی ڕاگەیـانـدنیش ڕێخۆشکەرن بۆ دروستبوونی حوکمی دیکتاتۆری.

٨) **ڕاگەیـانـدنی ئـازاد:** لێرەشـــــەوە بـایەخی ڕۆڵی هۆکـارەکـانی ڕاگەیـانـدنی ئـازاد بەدەردەکەون، وەک چاودێری کارەکانی حکومەت و ئازادی ڕادەربڕین، کە ئەمەش ئازادی بیروباوەڕی لێدەکەوێتەوە و دووبارە ئەم ئازادییەش دەبێت لە دەستووردا گرەنتی کرا بێت.

بایەخی ڕاگەیاندن لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا، بایەخێکی بەرچاوە، بە ڕادەیەک کە ڕاگەیاندنەکان جیا لە ئەرکە ڕاگەیاندنەکانی خۆیان وەک پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئاشکراکردنی ڕاستییەکان، گواستنەوەی ڕووداوەکان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری، بایەخیان دەگاتە ئاسـتی بایەخ و کاریگەری سـێ دەسـەڵاتە گشـتییەکە (یاسـادانان، جێبەجێ کردن و دادوەری) و هەر بۆیەش زۆر جار ڕاگەیاندن بە دەسەڵاتی چوارەم وەسف دەکرێت.

٩) **دەســـــەڵاتی زۆرینە:** یەکێکییتر لەو پرێنســـــیپانەی کەلە پرێنســـــیپی هەڵبژاردن دەکەوێتەوە، پرێنســـــیپی "دەســـــەڵاتکردنی زۆرینە"یە کە ئەمەش بەو شـــێوەیە دەبێت کەلە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی براوە دەگاتە دەســـەڵات؛ هەڵبەت، ئەمەش دەبێت هاوکات بێت لەگەڵ ڕەچـاوکردنی مـافەکـانی کەمینە و داننـان بە مـافی ئۆپۆزیســـیۆن و گرنگی

ئۆپۆزیسیۆنیش تا ئەو ئاستەیە کە زۆر جار دیموکراسییەتی دەسەڵات دەبەستریتەوە بە هەبوونی ئۆپۆزیسیۆنەوە.

**١٠) هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن:** لێرەشەوەیە کە پێویستی هەبوونی کێبڕکێی شەریفانە و دەستاودەستی ئاشتییانەی دەسەڵات بەدەردەکەوێت، ئەمەش لە پێناو ئەوەدایە کە ئۆپۆزیسیۆن ئەگەری سەرکەوتن و ئومێدی گەیشتن بە دەسەڵاتی هەبێت. ئەمەش خۆی بۆ خۆی، سوودەکانی دی دێنێتە ئاراوە، وەک ئەوەی کە ئۆپۆزیسیۆن دەبێتە چاودێر بە سەر کاروبارەکانی حکومەتی حاکمەوە.

**١١) چاودێری:** چاودێری هەر بە تەنها کاری ئۆپۆزیسیۆن نییە، بەڵکو پەرلەمانیش ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت. هەڵبەت، ئەمەش هەمدیسان پێویستی بە پرێنسیپێکی دی هەیە کە ئەویش "پرێنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان"ە.

**١٢) سەربەخۆیی دادوەری:** یەک لەو سوودانەی کە پرێنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بە سیستەمی دیموکراسی دەگەیەنێت ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادوەری تیایدا سەربەخۆ دەبێت. هەر یەک لە دامەزراوەکانی سیستەمی نوێنەرایەتی، ئۆپۆزیسیۆن و تاکەکان، کاتێک دەتوانن بە ڕۆڵی خۆیان هەستن کە "سەربەخۆیی دادوەری" وەک یەک لە پرێنسیپەکانی دیموکراسی چاوی لێ بکرێت، ئەمەش لەو پێناوەدایە کە دادگا بتوانێت سەربەخۆیانە ناکۆکیەکان و بە تایبەت ناکۆکیەکانی نێوان دەزگا و دامەزراوە و هەرێمەکان -ئەگەر سیستەمی دەوڵەت فیدراڵی بێت- یەکلا بکاتەوە.

١٣) فیدراڵیەت: فیدراڵیەتیش، دووبارە لە دونیای دیموکراسیدا، پێگە و گرنگی خۆی هەیە، چونکە فیدراڵیەت بەر لە هەر شتێک دان پیادانانە بە هەبوونی ئەوی دیدا و قبوڵکردنی فرەییە، فیدراڵیەت کە سیستەمێکە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و پسپۆڕییەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەت - یان حکومەتەکان- ی هەرێمیدا، کە پشت دەبەستێت بە

کۆمەڵێک تایبەتمەندی (وەک: نەتەوە، ئایین، کولتور و. ..هتد)، تیایدا سنوری جوگرافی هەرێمی دیاری دەکرێت و لەم کاتەشدا هیچ کام لە حکومەتە هەرێمیەکان و حکومەتی یەکگرتوو لە گەل داناماڵدرێن، بەڵکو دووبارە نوێنەرایەتی گەل دەکەنەوە. سیستەمە فیدراڵیەکانیش چەند جۆر و جیاوازن، بەڵام بە گشتی لەگەڵ دیموکراسیدا کۆک و تەبان. هەڵبەت، نابێت ئەوەش لە بیر بکرێت کە دیموکراسی مەرجی سەرکەوتن، نەک دامەزراندنی فیدراڵییەتە.

**١٤) کۆنترۆڵکردنی دەزگای سەربازی:** بە هەمان شێوە لە دیموکراسیدا گرنگی خۆی هەیە. بەوەی کە دەبێت دەزگای سەربازی لە ژێر کۆنترۆڵی مەدەنیدا بێت؛ ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە وڵات پێویستی بە هێزی سەربازی هەیە؛ لە پێناو هەڵنەچوون و ستەمنەکردنی سوپادا، ئەوا دەبێت سوپا بخرێتە ژێر فەرمانی مەدەنییەکانەوە، تاوەکو وڵاتێکی شارستانی بێتە ئاراوە (و دووبارە دیموکراسی لا نەدرێت و نەگۆڕدرێت بۆ زۆرداری).

**١٥) کۆمەڵگای مەدەنی:** مەبەست لێی هەموو ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوە مەدەنی (ناحکومی)یانەن کەلە کۆمەڵگادا کار دەکەن و دەبنە ناوەندێک بۆ بە یەک گەیاندن یان کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان دەسەڵات و تاک، کاریگەر دەبن لە سەر دەسەڵات و زۆر جار بە "گروپی فشار" ناو دەبرێن. لە چوارچێوەی ڕەوایەتی دەستووری و یاساییدا کار دەکەن، خاوەن ستراکچەری ڕێکخراوەیی خۆیانن و سروشتێکی یاساییان هەیە و هەر بۆیەش دەبێت لە لایەن یاساوە بپارێزرێن.

جگە لەمانە، دیموکراسی دەناسرێتەوە بە کۆمەڵێک پێوەر کە ناو دەبرێن بە پێوەرەکانی دیموکراسی و بریتیین لە: کاریگەری و چالاکی بەشداربوونەکان، یەکسانی لە دەنگداندا، تێگەیشتنی ڕۆشنگەرانە، کۆنترۆڵکردنی بەرنامەی کار و لەخۆگرتنی تەواوەتی. هەروەها

دیموکراسـی خاوەن کۆمەڵێک داخوازییە وەک: هاتنە سـەرکاری فەرمانبەرە فەرمییەکان و نوێنەران بە پێی هەڵبژاردن، بوونی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە و گشـتگیر، ئازادی ڕادەربڕین، دەستگەیشتن بە سەرچاوە ئەلتەرناتیڤەکانی زانیاری و سەربەخۆیی لە پێکهێنانی کۆمەڵەکـان. ئەمـانەش سـەرەڕای هەبوونی مەرجەکـانی دیموکراسـی کە بریتیین لە: سـەربەخۆیی لە بەرانبەر دەسـتتێوەردانی دەرەکی، کۆنترۆڵکردنی دامودەزگا سـەربازی و پۆلیسییەکان، هەبوونی ڕۆرشنبیری ململانێکاری، ئامادەیی باوەڕی دیموکراسییانە و بوونی ڕۆشنبیری سیاسی و ئابوری گەشەکردوو و بازاری ئازاد.

سـەرەڕای هەموو ئەمـانە، بـابەتەکـانی داننـان و قبوڵکردنی فرەیی، نوێبوونەوەی بەردەوامی کۆمەڵایەتی، ئازادییەکانی گوتن و ڕادەربڕین، مافەکانی کۆبوونەوە و گوێزانەوە، مافی ئاشـتیانەی مانگرتن و ڕێپێوان، ماف و ئازادییە تاکایەتییەکان، ئازادی ویژدان و سـێکیولاریزم، مافی هوشـیاری و مافی تەندروسـتی (و مافەکانییتری مرۆڤ) دەبێت لە چوارچێوەی سیستەمی دیموکراسیدا هەبن و پارێزگاریان لێ بکرێت و بەدی بهێنرێن.

هەڵبەت، دیموکراسـی، سـەرەڕای پێویسـتی بە پرێنسـیپ و بنەماکانی، کە دەکرێت بە بنەما تیۆرییەکانی دیموکراسی ناو ببرێن، پێویستیشی بە دامودەزگاکانی دیموکراسی، وەک بنەمـا پراکتیکییەکـانی دیموکراسـی، هەیە. جگە لەمەش و لەمەش گرنگتر، دیموکراسـی پێویستی بە هەبوونی کولتوری دیموکراسی هەیە.

به هیوای سەرکەوتنتان ....